MERI
Middle East
Research Institute

# پرۆژەی ڕەشنووسی هەموارکردنەوەی
# یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی
# لە هەرێمی کوردستان

بەڕێزان،

دوای دەرچوونی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٨) ساڵی ٢٠١١، چەندین ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی و دامەزراوەی حکومی و ناحکومی کاریان بۆ هەموارکردنەوەی ئەو یاسایە کردووە. بۆ نموونە، ڕەشنووسێک لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە ئامادە کرا، کە دەرهاویشتەی کۆنفرانسێک بوو لە دهۆک. هاوکات، هەندێ ڕێکخراوی تایبەتمەند و پەرلەمانتارانی هەرێم بەردەوام بوون لە تاوتوێ کردنی هەموارکردنەوە و کۆڕ و کۆنفرانسی جیاوازیان لەسەر بەستووە.

بەمەبەستی لێک نزیکردنەوەی بۆچوونەکان و گەیاندنی پرۆسەکە بە ئامانجی خوازراو، ئینستیتیوتی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (میری)، بەهاوکاری نوێنەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی توندوتیژی دژی ئافرەتان و چەندین کەسی پسپۆر و شارەزا، دەستیکرد بە کۆکردنەوەی بیروبۆچوونەکان و ڕەشنووسێکی نوێی ئامادە کردووە.

لە دوای وەرگرتنەوەی فیدباکی سوودبەخش لە هەموو لایەک، هەردوو ڕەشنووسی وەزارەت و ئینستیتیوت لە وۆرکشۆپێک دەخرێنە بەردەم پسپۆر و بەرپرسانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بە مەبەستی ڕاوێژکردن و کۆکردنەوەی دوایین سەرنج و پێشنیاز و ڕەخنەکان. دواتر، بە پێی ڕێکەوتن لەگەڵ بەرێزان لە وەزارەتی ناوخۆ، پرۆژەیەکی یەکگرتوو بە پاڵپشتی هەموو لایەک دەخرێتە بەردەم پەرلەمانی کوردستانەوە.

ئینستیتیوتی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە
(MERI)

# پڕۆژەی ڕەشنووسی هەموارکردنەوەی
# یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی
# لە هەرێمی کوردستان - عێراق

**ژمارە(X)ی ساڵی 2015**

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان-عێراق**

بە پشت بەستن بە دادکاریەکانی حوکمی بڕگەی (1) لەماددەی (56)لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992 هەموارکراو و لەسەر خستنەڕووی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان - عێراق لە دانیشتنی ئاسایی گرێدراوی ژمارە (XXX)لەبەرواری (XX/XX/XXXX) بڕیاریدا بە هەموار کردنەوەی یاسای ژمارە (8)ی ساڵی 2011 بە یاسای بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی خێزانی وەك لای خوارەوە:

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە واتاکانی بەرانبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە:

**یەکەم:** هەرێم : هەرێمی کوردستان-عێراق

**دووەم:** خێزان : کۆمەڵە کەسێکی سروشتین پەیوەندی هاوسەرگیری یان خزمایەتی بە پلەی یەکەم تاکو سێیەم کۆیان دەکاتەوە، و منداڵی ژن یان پیاو لەژنێك یان لە پیاوێکی تروە و ئەوانەی بەپێی یاسا بە گرتنەخۆ هاتوونەتە ناو خێزانەوە.

**سێیەم:** توندوتیژی خێزانی: هەر کردارێك یان وتەیەك یان هەڕەشە لێکردن پێیان لە چوارچێوەی پەیوەندی خێزانی لە سەر بنەمای هاوسەرگیری یان خزمایەتی تاکوو پلەی سێیەم وئەو کەسەی بە پێی یاسا بە گرتنەخۆ هاتووتة ت ناو خێزان کە بشێت زیان بگەیەنێت لە رووی جەستەیی یان سێکسی یان دەروونی یان ئابووریەوە یان ماف یان ئازادییةکانی زەوت بکات.

**چوارەم:** دادگا: دادگای لێکۆڵینەوەی توندوتیژی خێزانی و دژی ئافرەتان.

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم:** هەرکەسێك بەرابەستەی بە پەیوەندیەکی خێزانی هەبێ، ئەنجامدانی توندوتیژی لە چوارچێوەی خێزاندا لێ قەدەغە دەکرێ، لەوانەش: توندوتیژی جەستەیی یان سێکسی یان دەروونی یان ئابووری، و ئەو کردەوانەش دەچنە چوارچێوەی توندوتیژی خێزانیەوە :

1- هاوسەرگیری ژن بە ژن.

2- بەشوودان لە جیاتی خوێن.

3- بڕینی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بە خزم وکەسان تا پلەی سێیەم.

4- هەر کەسێك لە ئەندامانی خێزان بە زۆر (ژن- کچ)ی خۆی ناچاری بەدڕەوشتی و کاری داوێن پیسی بکات.

5- ناچارکردنی تاکەکانی خێزان بۆ جێهێشتنی کاروپیشە یان خوێندن بە نارەزایەتی خۆیان.

6- ناچارکردنی منداڵ بۆ کارکردن یان جێهێشتنی خوێندن.

7- ناچارکردنی تاکەکانی خێزان بۆ سواڵکردن.

8- لێدانی تاکەکانی خێزان و منداڵ بە هەر بیانوویەك.

9- بێبەش کردنی تاکەکانی خێزان لە مافی موڵك و سامان و دارایی.

10- ناچارکردنی ئافرەت بۆ سکپڕ بوون بە مەبەستی جۆری ڕەگەز.

11- ناچارکردنی ئافرەتی سکپڕ بۆ زانینی جەندەری منداڵ بەر لە دایك بوون، بە مەبەستی لەبار بردن یان تەلاق دان.

12- ناچار کردنی ئافرەت بۆ تێستی پاکیزەیی (پەردەی کچێنی بە مەبەستی هاوسەرگیری).

13- ناچار کردنی ئافرەت بە مانەوە و داوانەکردنی تەلاق لە ژێر هەڕەشەکردنی منداڵ لێسەندنەوە یان لەکەدارکردنی شەرەف.

**دووەم** : قوربانیانی توندوتیژی خێزانی دەستەبەری پاراستنیان لە توندوتیژی هەیە

**سێیەم:** پێویستە گەواهیدەرەکان و هەواڵدەرەکان پارێزراوبن لە کاتی گەواهیدان و هەوڵدان لە هەر کردارێکی توندوتیژی خێزانی.

**چوارەم:**

1- داوا لە کێشەکانی توندوتیژی خێزانیدا دەجووڵێندرێ لە لایەن قوبانیانی یان ئەوەی بە پێی یاسا نوێنەرایەتی دەکات بە هەواڵدان کە پێشکەش دەکرێت بە نوسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی

Middle East Research Institute

توندوتیژی دژی ئافرەتان یان دادگا یان یان لێکۆڵەرەوە یان داواکاری گشتی یان ئەندامانی ڕێکاری دادوەری لێ ئاگادار دەکرێتەوە.

2- پێویستە لەسەر کارمەندانی بواری تەندروستی و پەروەردە و بنکە فەرمیەکان بۆ هاوکاری کردنی قوربانیانی توندوتیژی خێزانی هەواڵ بدەن لە بارەی حاڵەتەکانی توندوتیژی.

**پێنجەم**: ڕێکارەکانی لێکۆلینەوە و دادگایی کردن لە کێشە کانی توندوتیژی خێزانی بە نهێنی دەبێت

**ماددەی سێیەم**:

**یەکەم**: دادگای لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی بە پێی (یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێم) ژمارە (23)ی ساڵی 2007 پێکدەهێنرێت

**دووەم**: لەسەر وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیە لە هەرێم شوێنی حەوانەوە بۆ قوربانیانی توندوتیژی خێزانی و منداڵەکانیان دابین بکات.

**سێیەم**: قوربانیانی توندوتیژی خێزانی خزمەتگوزارییەکانی (تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە) بەپێی ڕێنمایی کەلەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیەوە یان لایەنی پەیوەندیدارەوە دەردەکرێت بەرچاو کردنی تەمەن و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی قوربانیەکە

**چوارەم**: لەسەر وەزارەتی تەندروستیە بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و لایەنە پەیوەندیدارەکان چاودێری تەندروستی دەستەبەر بکەن بۆ قوربانیانی توندوتیژی و سەرلەنوێ شیاندنیان بۆ بکەنەوە.

**پێنجەم**: بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە وەزارەتی ناوخۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ کێشەکانی توندوتیژی خێزانی دەکات هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە دەگرێتەخۆ بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگایی مەدەنی دەکەن.

**شەشەم:** لەسەر وەزارەتی ناوخۆیە:
(أ) لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی و نوسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ئەفسەر و فەرمانبەر و کارمەندی ئافرەت دەست نیشان بکات بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لەو کێشانەی بەسروشتی خۆیان پێویستیان بەڕەگەزی مێینە هەیە.
(ب) بەشێکی تایبەت لە ناو بەڕێوەبەرایەتیەکانی پۆلیس بکاتەوە کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە پۆلیسی ئافرەت پێکهاتبێت و هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەکانی توندوتیژی خێزانی بکەن.

**حەوتەم:** لەسەر وەزارەتەکانی ناوخۆ و ئەوقاف و دەستە فەرمیە پەیوەندیدارە تایبەتمەندەکانە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەرکی هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگە بگرنە ئەستۆ و ڕیکلام بۆ ڕۆشنبیریی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی و دژی ئافرەتان بکەن، وە پێویستە لەسەر وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە پرۆگرامی خوێندن وە وانەی مافی مرۆڤدا یاساکە بخوێندرێت.

**هەشتەم:** لە کاتی هەبوونی هەڕەشە یان مەترسی پێویستە لەسەر دادگا قوربانیەکە ڕەوانەی یەکێك لە ماڵەکانی حەوانەوە بکات.

## ماددەی چوارەم:

**یەکەم:** دادگای لێکۆڵینەوە لە توندوتیژی خێزانی و دژ بە ئافرەتان لەکاتی پێویستدا یان لە سەر داوای یەکێك لە تاکەکانی خێزان یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات (فەرمانی پاراستن) وەك کارڕاییەکی کاتی بۆ پاراستنی قوربانی لە توندوتیژی خێزانی ، بە مەرجێ فەرمانەکە ماوەی پاراستنەکە لەخۆ بگرێت و لەسەر دادگاشە بە پێی پێویست ماوەکەی درێژی بکاتەوە.

**دووەم:** بۆ داواکاری پاراستن هەیە بەپێی هاتنەکایەی پێشهاتەکان دەست نوێ لەو فەرمانە هەڵبگرێت و لەسەر دادگایە بەدواداچوون بکات و دڵنیا بێ لەوەی داواکاری هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی پاراستن بە ئارەزوومەندانە پێشکەش کراوە وە لەبەرژەوەندی قوربانیەکەیە.

**سێیەم:** فەرمانی پاراستن ئەوانە لە خودەگرێت :

1- بەڵێننامەیەك لە تۆمەتبار وەردەگیرێت كە دەستدرێژینەكاتە سەر قوربانی یان نەبێتە هۆی زیان پێگەیاندنی زیاتر بە قوربانیەكە یان هەر تاكێك لە تاكەكانی خێزان یان ئەو كەسانەی كەبەخێویان دەكات یان بە پێی یاسا دەیانگرێتەخۆ یان لەژێر چاودێری ئەودان.

2- دەبێت داوا لە تۆمەتبار بكرێت كە ماڵی خێزانی بەجێ بهێڵێت بەبێ دەستكاری كردنی پێداویستیەكانی ناوماڵەكە تاكو ئەو كاتەی دادگا بڕیار لەسەر مافی ڕەوایەتی یەكێك لەلایەنەكان دەدات.

3- ڕێگەنەدرێت تۆمەتبار بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بە قوربانیەكەوە بكات، لەماڵی خێزانی، و نە لەشوێنی كاركردن، وەنە لە هیچ شوێنێكی تایبەت یان گشتی بۆ ئەو ماوەیەی لە فەرمانی پاراستن هاتووە.

4- ئەگەر خێزانی تۆمەتبار و قوربانی كرێچی بوون دەبێت تۆمەتبار كرێی خانووەكەی (یان ئەگەر قست یان قەرز بوو) بدات، سەرەڕای بژێوی قوربانی و ئەندامانی دیكەی خێزان كە بژێو یان دەكەوێتە سەر تۆمەتبار.

5- تا كاتی یەكلایی كردنەوەی كێشەكە، ڕێگەنەدرێت بە هیچ لایەنێكی داخوازیەكە هیچ جۆرە مامەڵەیەك بەموڵك و سامانی خێزانەوە بكەن.

6- پێویستە تۆمەتبار پابەند بێت بەوەرگرتنی چارەسەری دەروونی (ئەگەر پێویست بكات) یان ڕێنمایی خێزانی لەرێگەی پرۆگرامەكانی شیاندنەوە و ڕاهێنان، بەپێی ئەو ماوەیەی دادگا بۆی دیاری دەكات لە ڕێگای لێژنەی پزیشكی تایبەتمەند.

7- پێویستە قوربانی بو نزیكترین نەخوشخانە یان بنكەی تەندروستی یان بۆ شوێنی حەوانەوە بگوازرێتەوە بۆ چارەسەر كردنی لە كاتی پێویستدا یان ئەگەر قوربانی خۆی ئەوەی داوا كرد.

8- لەكاتی هەبوونی هەڕەشە یان مەترسی پێویستە لەسەر دادگا قوربانیەكە ئاراستەی یەكێك لەماڵەكانی حەواندنەوەی ئافرەتان بكات یان خانەكانی نەوجەوانان (كوڕان یان كچان) یان خانەی بەسالاچوان یان ماڵەكانی سەرپەرشتی كردنی مندالانی بێ سەرپەرشت، و مانەوەی تا چارەسەری كێشەكە ئەگەر قوربانی داوای كرد.

9 - ئەگەر هۆکاری توندوتیژیەکە مادە هۆشبەرەکان بێت، سکاڵا لێکراو ڕەوانەی نەخۆشخانەی تایبەت بکرێت.

**چوارەم:** لە حاڵەتی پێشێل کردنی فەرمانی پاراستن، سەرپێچیکار سزا دەدرێ بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە (48) کاتژمێر زیاتر نەبێت یان بە بژاردن کە لە ملیۆنێك (1000,000) دینار کەمتر نەبێ.

## ماددەی پێنجەم:

1- لەسەر دادگایە قوربانی و تۆمەتبار ڕەوانەی لیژنەی ئاشتەوایی بکات کە پێك دێت لە شارەزایان و پسپوران لە بوارەکانی (یاسا، ئاین، کۆمەڵناسی، دەروناسی، پزیشکی ئافرەتان) لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان بۆ ئاشتەوایی لە نێوانیان پێش ڕەوانە کردنی کێشەکە بۆ دادگای بابەت لەو کێشانەی دەشێ ئاشتەواییان تێدا بکرێت، بە مەرجێ کار لە ڕێکارەکانی پاراستن نەکات کە لەو یاسایە هاتووە.

2- پێویستە لیژنەکانی ئاشتەوایی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاری توندوتیژی دژی ئافرەتان بن و لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکان پێکهاتەی یەکگرتوویان هەبێ، و دەسەڵاتی ئاشتەواییان هەبێت بەر لە تۆمارکردنی سکاڵا و ڕێنمایی پێویست لەلایەن ئەنجومەنی دادوەریەوە دەربچێت بۆ بەڕێوەچوونی کارەکانیان.

## ماددەی شەشەم:

لەگەڵ لاسەنگ نەکردنی هەر سزایەکی توندتر کە دەقی لەیاساکانی بەرکار لەهەرێمدا هاتووە:

**یەکەم:** هەرکەسێك هانی ئەنجامدانی کردەوەی خەتەنەی مێینە بدات، سزا دەدرێت بە پێی بژاردن کە لە یەك ملیۆن (1000،000) دینار کەمتر نەبێ و لە دە ملیۆن (10,000,000) دینار زیاتر نەبێ

**دووەم** : هەرکەسێك کردەوەی خەتەنە کردنی مێینەی ئەنجامدا یان بەشداری تێدا کرد، سزای بەند کردن بۆ ماوەیەك دەیگرێتەوە کە لە (6) شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە (2) دوو ساڵیش زیاتر نەبێت، و غەرامەکەشی لێ وەردەگیردرێت کە لە دە ملیۆن دینار (10,000,000) کەمترنەبێت و لە چل ملیۆن (40,000,000) دینار زیاتر نەبێت یان بەیەکێك لەو دوو سزایە.

**سێیەم:** هەر کەسێك کردەوەی خەتەنەکردنی مێینەی ناکامی ئەنجامدا یان بەشداری تێدا کرد، سزای بەندکردن بۆ ماوەیەك دەیگرێتەوە کە لە یەك (1) ساڵ کەمتر نەبێت و لە سێ ( 3) ساڵ زیاتر نەبێت، غەرامەکەشی لە پازدە ملیۆن (15,000,000) دینار کەمتر نەبێت و لە پەنجا ملیۆن (50,000,000) دینار زیاتر نەبێت، یان بەیەکێك لەو دوو سزایە

**چوارەم:** باری تاوانکار توندتر دەبێ ئەگەر بکەرەکە پزیشك یان دەرمانساز یان کیمیاگەر یان مامان یان یاریدەدەرەکانیان بوو، و لەسەر دادگایە فەرمان بدات پیشەکەی یان کارەکەی بۆ ماوەیەك لێ قەدەغە بکات کە لە سێ (3) ساڵ زیاتر نەبێت.

**پێنجەم:** هەر پزیشکێك لە دوای پشکنینی کچانی ژێر تەمەنی یاسایی پێویستە زانیاری خەتەنەکردنیان تۆمار بکات، وە ئەگەر ئەو زانیاریە تۆمار نەکات یان بیشارێتەوە بە چاوپۆشیکەر دادەنرێ و لەسەر دادگایە فەرمان بدات بە قەدەغەکردنی پەیڕەوکردنی پیشەکەی یان کارەکەی ماوەیەك لە سێ (3) مانگ کەمتر نەبێت و لە شەش مانگ زیاتر نەبێت

**شەشەم:** ئەو کچەی کە خەتەنە کراوە مافی تۆمار کردنی سکاڵای هەیە یان بە ڕاستەوخۆیی ئەگەر تەمەنی یاسایی تەواو کردبێت، وەیان بە ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی داواکاری گشتی کە زانیاری پێ دەگات.

**ماددەی حەوتەم:**

لەگەڵ لاسەنگ نەکردنی بە هەر سزایەکی توندتر کە دەقەکەی لە یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمدا هاتووە: سزا ئەدرێت بە حەپسکردن ماوەیەك کەمتر نەبێت لە شەش مانگ و زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ و بە بژاردن کەمتر نەبێت لەیەك ملیون دینار وزیاتر نەبێت لەپێنج ملیون دینار یان بە یەکێك لەم دوو سزایە هەرکەسێك توندوتیژی خێزانی یان دژی ئافرەتان ئەنجام بدات .

**ماددەی هەشتەم:**

دادکاریەکانی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ( 111)ی ساڵی (1969) هەموارکراو و یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی ژمارە (23) ی ساڵی (1971) هەموارکراو و یاسای هەموارکردنی جێبەجێکردنی

یاسای باری کەسێتی ژمارە (15)ی ساڵی (2008) وەیاساکانی دیکەی بەرکار لەهەرێمی کوردستان یان هەر یاسایەکی تر جێگایان دەگرێتەوە جێبەجێدەکرێت ئەگەر دەقێکی لەو یاسایە لەسەر نەهاتبێ.

**ماددەی نۆیەم:**

لەسەر وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانە ڕێنمایی  پێویست دەربکەن بۆجێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە

**ماددەی دەیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان دادکاریەکانی ئەو یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی یازدەیەم:**

ئەو یاسایە لە ڕۆژی  بڵاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت و کار بە هیچ یاسایەك ناکرێ کە بە پێچەوانەی دادکاریەکانی بێت.

## سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

### هۆکارەکانی پێویست بوونی

توندوتیژی خێزانی دیاردەیەکی نەرێنی دژ بە پرنسیپەکانی شەریعەتە ئاسمانیەکان و مافەکانی مرۆڤ و بەهاکانی دیموکراسیە، لەبەر ئەوەی خێزان بنچینەی کومەڵگایە و لە پێناو پاراستنی لە هەڵوەشانەوە و پارێزگاری تاکەکانی و گرتنەبەری کارایی یاسایی بو دروستی و سەقامگیری و قەدەغە کردنی توندوتیژی تێیدا، بە ڕێگای خوپاراستن بەر لەڕوودانی و گەڕان بەدوای چارەسەری و چاکسازی لەدوای ڕوودانی بۆیە ئەم یاسایە دەرچوێندرا.